بیرەوەریەکانم

هەفتەنامەی **رۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی رێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیروەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

دوای ئەوەی هەموومان بەشی یەکەمی بیرەوەریەکانمان خوێندەوە کە سەربردەی تەمەنی هەرزەیی دەگێڕایەوە، ئێستاش بەشی دووەم دەست پێدەکات، فەرموون با بەیەکەوە درێژە بە خوێندنەوەی بیرەوەریەکان بدەین و سوودی لێوەربگرین

لە راستەوە بۆ چەپ (راوەستاوەکان): میرحاج ئەحمەد، ئەنوەر دڵسۆز، عزەت عەبدولعەزیز، مەلا مستەفای بارزان، قەدری جان .
لەراستەوە بۆ چەپ (دانیشتوو): حەسۆ یوسف ، وەهاب ئاغای جندیان

بەشی دووەم -2-

1943-11-6 شەڕی گۆرەتو

بەرە بەیانی رۆژی 6ی تشرینی دووەم بەنیازی چوون بۆ **شێروان مەزن** فەوج لە **مێرگە سۆر** بەڕێکەوت، لە **گۆرەتوو** تێپەڕ بوو، لە نزیک خێریزۆک پێشیان لێگرت بوون، ئیدی شەڕێکی دژوار لەگەڵ ئەو زرێ پۆشانەی کەلە پێش سوپاوە دەڕۆیشتن، دەستی پێکرد. شەڕ گەرم بوو، لە گەرمەی شەڕدا ئەفسەرێکی بەریتانی لە سەربازگەکە بوو، داوای کرد بڕواتە شوێنی شەڕ، بۆ ئەمەش فەرمان درا دەستەی ئێمە لە فەسیلی 3 لەگەڵی بچین، بەڵام نائب عەریف عۆدە نەیتوانی لەگەڵمان بێت، جوندی ئەوەل **حوسێن نەجدفی** لەجیاتی عۆدە هات، لەوێ بە پیادە کەوتینەڕێ، شەڕ زیاتر گەرم دەبوو، کاتێک گەیشتینە ناو گوندی گۆرەتوو بینیمان سەربازەکان بەشکاوی بەرەو دواوە دەگەڕانەوە، زۆر ئاڵۆزو تەنگاو بوون، ئەفسەری ئینگلیز چاوی بەو شکستەی راکردوەکان کەوت تەنگاو بوو، دیتی زرێ پۆشێک دەهات، گوللەیەک بە جوندی ئەوەل کەوت، لەوکاتەش ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە بریندار لەگەڵ زرێپۆشەکە گەیشتە لای ئێمە، ئەفسەرەکە خۆی فڕیدا ناو زرێ پۆشەکەو بۆ مێرگەسۆر گەڕایەوە. لە دوای ئەوان هەر ئەوەندەمان بۆکرا خۆمان بشارینەوە، خۆم لە ناو تەڕاشێک شاردەوە ، ئۆتۆمبێلێک وەستابوو، زۆر لەمن نزیک بوو، پەکی کەوتبوو، من بینیم کە چەند چەکدارێک گەیشتنە سەری و سەیریان کرد، بەڵام چونکە هیچی تێدا نەبوو بەجێیان هێشت، لەناو تەڕاشدا دڵم دادەخورپا، خۆم بدەمە دەست یان نا؟! دوایی گوتم نا، ئەگەر بەخۆشم بڕۆمە لایان هەر دەڵێن کوڕی سلێمان بەگی دەرگەڵەمان بەدیل گرت، لە بەر ئەوە خۆم ئاشکرا نەکرد و لەوێ مامەوە، کە شەو داهات و دونیا بێهەست بوو، دەستم دایە رەشاشەکەم و بەرەو سەربازگەکە گەڕامەوە، سەیر ئەوەبوو هەتا گەیشتمەوە ناو سەربازگە کەس نەبوو بڵێت تۆ کێی زەلام؟! کە گەیشتمەوە سریە و رەئیس عورەفا چاوی پێکەوتم، سەرسام بوو، گوتی: (کوڕە ئەتو ماوی؟! بردمی بۆ لای **حەسەن تەحسین** ئەویش بۆلای ئامر فەوج **عەقید عوسمان** بردمی، ناوبراو پرسی چۆن توانیت لەدەستیان رزگار بیت؟!

من سەربردەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەوانەی لەگەڵ مندا بوون، جوندی ئەوەل زوو کوژرا، ئەوانی تریش هەر یەکە بەلایەکدا رایان کردو خۆیان شاردەوە، ئامر گوتی: (ئەوانی تۆیان هێنایەوە سەربازگە کێ بوون؟ دیارە ناسیارن تۆ دەناسن؟)، منیش گوتم: (کەس منی نەهێناوەتەوە، کەسیش ناناسم، کەس منی نەدیوە هەتا هاتومەتە ناو سەربازگەکە، لە دواییدا ئامر گوتی: (ئافەرین بڕۆ سریەکەت).

زۆری پێنەچوو عەقید عوسمان رۆیشت و مقەدەم **ئەحمەد حەمدی** هاتە شوێنی، ئەو فەرمانی گواستنەوەی فەوجی دا بۆ سەرەوە، لە دەورو بەری قشڵەی پۆلیسەکان چادریان هەڵدا هەرچوار دەوری خێوەتەکانی کردە شورە بە بەردی گەورە ناوە ناوە شوێنی نۆبەت دارانی تێدا دروست کرد، بۆ ئەوەی لە دوورەوە گوللە نەیگرێتەوە، زەلام بەناوی دا دەرۆیشت دیار نەدەبوو، دروست کردنی ئەو شورەیە نیشانەی ئەوە بوو زستان لەوێ دەمێنیەوە، بەراستیش لەوێ ماینەوە، لە دوای تەواو بوونی شورە بەهۆی ملازم **نوری حەکیم**ەوە چەند رۆژێک ئیجازەم وەرگرت و گەڕامەوە رواندز، دوای تەواوبوونی ئیجازەچوومە حامیە تا لەگەڵ قافڵە بۆ مێرگەسۆر بگەڕێمەوە، گوتیان رێگە گیراوە، ئەو رۆژە نەمان توانی بگەڕێینەوە، پێیان گوتین رۆژی شەممە سەرلەبەیانی وەرنەوە، بەرێکەوت رۆژی هەینی لە دەرگەی مەکتەبی رواندز چاوم بە ئەفسەری تەجنید کەوت، چاک و چۆنیەکی زۆر گەرمی لەگەڵ کردم، دوایی پرسی: لەکوێی؟ گوتم: لە مێرگەسۆرم. ناوبراو پرسی:" کەی دەگەڕێیتەوە بۆ مێرگەسۆر نامەیەک بۆ رەئیس **شێخ مەعروف** دەنووسم بۆی ببە، ئەگەر ئەولەوێش نەبوو بیدە بە ملازم نوری مەلا حەکیم" گوتم: فەرموو بنووسە.

لەدوای ماوەیەک رۆیشتمەوە لای ملازم **محەمەد قودسی** نامەکەم لێ وەرگرت و رۆژی شەممە سەر لەبەیانی رۆیشتمەوە حامیە، دیار بوو خەریکی ئەشیا بارکردن بوون، کات ژمێر 10ی بەیانی لە رواندز بەڕێ کەوتین، زرێپۆشێک لە پێش و یەکێکیش لە دواوە دەڕۆیشتن، ئەو رۆژە هیچ رووی نەدا، بە ئاسودەیی گەیشتینەوە مێرگەسۆر، هەندێ گۆرانکاری بەرچاو دەکەوت، لە هەر بەرزاییکی دەوری سەربازگەکە سەنگەرێکی لێ داندرابوو، لەو سەنگەرانەش فەسیلێکی سەربازی بۆ ماوەی پازدە رۆژ لە ناویدا دەمانەوە، ئەم سەنگەرانەش بۆ پارێزگاری فەوج بوون. ئەحمد حەمدی زۆربەی شەوەکان بەسەر نۆبەتداراندا دەگەڕاو قسەی لەگەڵ دەکردن، مێژوگوێزی پێدەدان، نۆبەتدارەکان شەو نە دەنوستن دەیان گوت:" ئامیر دێت"

رۆژێک داواکرا چەند سەربازێک لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکان بچن بۆ رواندوز تا باریان لێ بار بکەن، منیش لەگەڵیان رۆیشتم، قافلەکە کەوتەرێ، پێش بگەینە **مەزنێ** بووبە تەقەو لێکدان، لەوکاتەدا ئێمە ئەوانەی بێ چەک بووین دابەزین و خۆمان داییە پەنایەک، کاتێک تەقە نەما بۆ لای ئۆتۆمبێلەکان گەڕاینەوە، بەڵام رۆیشتبون، رۆژیش درەنگ بوو، من و سەربازێکی خەڵکی **بادلیان** مابووینەوە، ناچار بەپێیان بەرەو گوندی بادلیان بەڕێکەوتین، سەربازەکە شارەزا بوو، شەومان بەسەر دا هات، دواتر گەیشتینە سەر روبارێک لێی پەرینەوە ئەوبەر، لەوێ خۆمان پێچایەوەو کەمێک رۆیشتین وگەیشتینە بەردەرگەی ئاشێک، دەنگی لەقە لەقی چەقەنەی ئاشەکە دەهات، کەسیش دیار نەبوو، تاریک بوو قەندیلەک لەسەر دیوارەکە بەکزی دادەگیرسا، کۆمەڵێک جەواڵی باراش لە دەرگەی ئاشەکەدا بەریز داندرابوون، چووینە ژوورێ، ئەوەی لەگەڵ من بوو ئاشەوانی دەناسی و بانگی ئاشەوانی کرد، مرۆڤێکی کورتە باڵای ریش درێژ وامزانی ریشی تەواو سپییە ئەوەندەی تۆز لەسەر هەڵ نیشتبوو لێمان هاتە پێش، لە دواییدا دەرکەوت ئەوەندە پیر نەبوو، ئەوەندەی من بۆم دانابوو، لەگەڵی کەوتینە قسەو پێمان گووت برسیمانە، ئەو هەندێک چنکەنانی رەقی بۆ هێناین و بادیە ئاوێکی لەپێش داناین، چنکەنانەکە ئەوەندە بەتام بوو زیاد لەپێویست، ئەویش ئەوە دەگەیەنێ زۆر برسی بووین، لەوێ کەمێک خەوتین، لای بەیانی رۆیشتین و ماڵ ئاواییمان لە ئاشەوان کرد، ماوەیەک رۆیشتین لە هەورازێک بەسەرکەوتین زۆری پێنەچوو گەیشتینە گوندی **بادلیان**، رۆیشینە ماڵی سەربازەکە، لەوێ تاکو کاتژمێر دەی بەیانی نووستین ، ئەوەی بۆی بە پەرۆشم ناوی سەربازەکەو ئاشەوانەکەم بزر کردوە بەتەواو ناوەکانیان نایەتەوە یادم ، پێم وایە سەربازەکە ناوی عوسمان بوو.

هەر ئەو رۆژە رۆیشتمە رواندز لە حامیە چوومە لای لێپرسراوی سوپا، زۆر بەرێکی بەسەر هاتەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەو هەندێ شتی لای خۆی نووسی و گوتی: "قافڵە دوای چوار رۆژی تر دەڕوات، رۆژی یەک شەممە سەر لەبەیانی وەرە بەرێت دەکەم"

سەر لەبەیانی رۆژی دیاریکراو رۆیشتمەوە رواندز، لە حامیە گوتیان ئەمڕۆش قافڵە ناروات، کەوتەوە رۆژی چوارشەممە، ناچار رۆیشتمەوە **فەقیان** . رۆژی چوار شەممە لە حامیە دەرکەوتین، باو باران بوو، تا گەیشتینە مێرگەسۆر بە هیلاک چووین، کاتێک گەیشتینەوە سەربازگەکە زانیم فەسیلی ئێمە رۆیشتۆتە سەنگەری سەرباسک، لە خوارەوەی ئێمە یەک سەنگەر هەبوو، بەسەر مێرگەسۆر دەیڕوانی، لەوێ جوندی ئەوەلێکی سورچی کە ناوی **حەسۆ** بە مەترە لۆز تەقەی لە گوند کرد، یەکێکی کوشت.

رۆیشتمەوە فەسیل، زۆر سەرمابوو، بەفر زۆر کەوتبوو، رۆژی دوایی باو باران و بەفرو کرێوە بوو، تەم و مژو تاریک بوو، لە دەوری کات ژمێر دە لە دەورو بەری سەنگەر بوو بە تەقەو لێکدان، لەوێ **عەریف مەهدی** کوژرا، سەربازێکی خەڵکی **گەزنێ**ش بریندار بوو، کە سەر بە ناحیەی باڵەکە.

سەیر ئەوەبوو، لە گەرمەی تەقە مەتارەیەکی ئاویان فرێ دایە ناو سەنگەر، کاتێک سەیرم کرد دوکەڵی لێ هەڵدەستا، دەم و دەست هەڵم گرت و فڕێم دا دەرەوەی سەنگەرەکە، زۆری پێنە چوو مەتارەکە تەقیەوە و ئەوەندەی نارنجۆکێک دەنگی هات، ئێستاش نەمانزانی چی تێدا بوو!!

دەنگۆی ووتوویژ

لە کۆتایی مانگی 11ی 1943 **نوری باویل ئاغای** رواندزی ناردرا بۆ دیدەنی **مەلامستەفا بارزانی**، ئەو گەیشتە مێرگەسۆر، لەوێوە بۆ ئەو شوێنەی مەلا مستەفای لێ بوو بەڕێکرا. بۆ ڕۆن کردنەوەو سازکردنی وتوویژ لە گوندی **بیستری** لە بەرانبەر مێرگەسۆر دیداریان کرد، دواتر نوری باویل ئاغا داواکاریەکانی بارزانی بۆ بەغدا برد.

زۆر رۆژان لە دوورەوە تەقە لە سەربازگە دەکرا، رۆژێک لە بن دیواری قشڵە گوللەیەک بە **ملازم رەفیق** کەوت و بریندار بوو، لەوکاتیش رێگە گیرا بوو، بەفرێکی زۆر کەوتبوو، نارەحەتی ملازم رەفیق ئەفسەرە کوردەکانی ناچار کردو راسپاردەیەکیان بۆ لای مەلامستەفا بەڕێکرد بۆ ئەوەی رێگە بدات ملازم رەفیق رەوانەی رواندز بکرێ. مەلامستەفا وەلامی دابۆوە: با بیبەن بەو مەرجەی ئەو سەربازانەی لەگەڵی دەچن بێ چەک بن، بێگومان ئەوکاتە رێگەکە لە دوولاوە گیرا بوو، لەلایەک چەکدارەکان لەسەر رێگە بوون، لە لایەکی ترەوە بەفر گرتبووی.

ملازم رەفیق ئەفسەرێکی خۆشەویست بوو، کاتێک بەرێکرا زۆربەی سەربازە کوردەکان کۆببوونەوە، تا بڵێی بۆی بە پەرۆش بوون، لەبەر ئەوەی ئەفسەرێکی بەرێز و پاک رەوشت و لێهاتوو بوو، رۆڵەی شاری حاجی قادری نەمر بوو، لە ئەفسەرە نیشتیمان پەروەرەکانیش بوو. رۆژێک فرۆکەیەکی بار هەڵگر گەیشتە سەر سەربازگەکە، هەندێک شتی فرێدا خوارەوە، شتەکان کەوتنە نێوان سەربازگەو چەکدارەکان، سەربازەکان هەوڵیان دەدا بڕۆن بیهێننەوە، چەکدارەکانیش تەقەیان لێ دەکردن، لە دواییدا سەربازەکان لە سەر شورەی دیوار ئاودیو بوون توانیان شتەکان بێننەوە ناو سەربازگەکە. دوا بەدوای ئەو رووداوە رۆژێک لە سەربانی قشڵەی پۆلیسەکان گوللەیەک بە **جوندی ئەوەل حسێن** کەوت و کوژرا کە خەڵکی سلێمانی بوو، سەربازێکی خۆشەویست بوو.

بۆجاری دووەم نوری باویل ئاغا هاتەوە مێرگەسۆر، ئەو جارە **پوشۆی سەید تەها** لەگەڵ دابوو، رۆیشتنە لای مەلامستەفا، شەویش لەوێ مانەوە، لە دوای گەڕانەوەی ئەوان زۆری نەخایاند، لە7-1-1944 **ماجید مستەفا** کە وەزیرێکی عێراقی بوو بۆ وتوویژ گەیشتە مێرگەسۆر لەگەڵ جەنابی مەلامستەفا ووتوویژیان کرد. زانرا لەسەر چەند خاڵێک رێکەوتن:

1. ماڵی شێخەکان لە خواروی عێراق بگەڕێنەوە بارزان.
2ـ چەکدارە بارزانیەکان چەکەکانیان لابمێنێتەوە.
3ـ ئازوقە بدرێت بە خەڵک لە ناوچەی بارزان.
4ـ بارزانی بۆ دیدەنی کاربەدەستانی بەغدا بڕواتە بەغدا.
5ـ مەخفەرەکانی پۆلیس بگەڕینەوە شوینەکانیان، سوپاش لە مێرگەسۆرو بلەی بارزان بگەڕێنەوە شوێنەکانی پێشوویان.

ماویەتی

دەروونا دونیا

خوێندن لە پێناو نەتەوەیەک یان ڕێبازێک ؟!

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن کە بربڕەی ،پشتی زانست و پێش کەوتی هەموو گەل و نەتەوەیەکە،دەبیت جێگای گرینگی پێدان و بایەخ پێدانی دەسەڵاتداران بێت و لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای نیشتیمان و نەتەوەدا چیان پێبکرێت کەمتەرخەمی و درێخی نەکەن لەو بوارەدابۆ بەهێزکردنی و تۆکمەکردنی سیستەمی پەروەردەی نەتوەکە بە گشتی بێ جیاوازی لە ڕەنگ و روخسار و ئینتیمای سیاسی و ناوچەگەریەتی ..ئێمەی کورد هەمومن دەزانین کە ساڵانێکی دور و درێژ نەک هەر بە جەستەو ماڵمان بەڵکو هۆش و هەست و نەستیشمان لە ژێر چەپۆک و تیری داگیرکەرەندا بووە،هەر بۆیە فێری زانست وپەروەردە وبیرکردنەوەی سەقەت بوونە و ئێستاش رەنگدانەویەکی بە5 چاوی هەیە لە سەرجەم برگەکانی ژیانماندا ..بەداخەوە پێم ناخۆشە ئەو قسە تاڵەی وەزیری ڕاگەیاندن و رۆشنبیری بەعس دووبارە بە نمونە لێرە بێنمەوە، بەڵام دیارە بیرکردنەوەی ئەو کەس و لیژنانەی کە دانەر و سەرپەرشتیاری بەشێکی زۆرن لە پرۆگرامی خوێندنی ساڵی 2007-2008.بە تایبەتش پرۆگرامی زمانی کوردی وایان لێ کردم کە نمونەکە بهێنمەوە چونکە وای دەبینم جۆرێک لە هاوشێوەی لە نێوان هەروو بەرنامە و پیلانە پەروەردەیەکەی ئێستا و ئەوسادا هەبێت .ئەو کابرا بەعسی یە جارێکیان لە دانیشتنێکدا زۆر بەر راشکاوی وتی:دەبێت هەموو ئامنجەکانمان لە پێناوی خزمەتکردنی رێبازی بەعس و سەرۆکی فەرماندەیدا کۆبکەینەوە ،کەسیش بە زۆر ناکەین بە بەعسی ،دەبێت پیلانی وا دابنێین بۆ سیستەمی پەروەردە کە منالێک لە سەرەتاییەوە دەستی کرد بە خوێندن و کۆلێجی تەواو کرد ئۆتۆماتیکی خۆی ببێت بە بەعسی).. من نالێم دانەری پرۆگرامەکانی سەرەتای بەعسین بەڵام فەرز کردنی هەندێک بابەت لە دوتوێی کتێبی ئەو منالانەدا خۆی ئاماژە و نیشانەیە بۆ بیرکدنەوەیەکی تایبەت، نیشانەیەکە وبە ناوی مێژوەوە بۆن و بەرامی رێبازێکی سیاسی و تەنانەت حیزبیش دەدات بە گوێی منالاندا ، نەک هەر ئەوە نیشانەیەکە دەقاودەق دەڵی کار و فەرمانەکەنی حکومەتی ساڵی (پەنجا بە پەنجا)کە جێ بە جێ دەکات .مەخابن دوای مێژویەکی دور ودرێژ پڕ لە نەهامەتی وژێر دەستەی ، دیسانەوە دەکرێینەوە بە کۆیلەی بیرکردنەوە تەسکەکان و منالەکانمان هەر فێری یوە قەوانە دەکەنەوە کە دەیان ساڵە تاڵاوەکەیان چەشت ..دڵنیام لەوەی کە بەسەدان خێزان و بە هەزاران خەڵکی رۆشنبیر ئەو پەیرەو پرۆگرامەیان نەک هەر بەدڵ نییە بەڵکو ئەگەر بوا شوێنکب تر هەبوایە بۆ خوێندن منالەکانیان دەخستە ئەوێ نەیان دەهێلا گویان لەو حیکایەتە هەزار و یەک شەوە بێت ، خۆ راستە ئەوانش بەشێکن لەو مێژوی میلەتەکەمان و دەبێت یاد بکرێنەوە، بەڵام شوێن و رێگای تایبەتی خۆی کەس و رێخراوی تایبەتی خۆی هەیە نەک کتێبی منالێکی سەرەتای ، کتێبی فێرخواز دەبێت باس لە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیەک بکات نە بەرژەوەندی رێبازێکی سیاسی تایبەت بکات.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com